

### شێرزاد حەسەن، بۆ "رەخنەی چاودێر":

# فەلسەفە گەر واتاکەی خۆشویستنی حیکمەتو مەعریفەت بێت، لای ئێمە ئەو مەعریفەتە دەنێو ماڵو مزگەوتو قوتابخانەکانو خانەکانی حیزبو هەر هەموو خانۆچکە خامۆشەکانی وڵاتدا بۆتە مەعریفەتێک لەسەر حیسابی کوشتنی ژیاندۆستی

سازدانی: ئاسۆ هاشم

بەشی حەوتەم

**رەخنەی چاودێر: بەپێچەوانەی سەرجەم چیرۆکو رۆمانەکانت، لەکۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی، گوڵی رەش، گەڕەکی داهۆڵەکانو پیرە پەپوولەکانی ئێواران)ەوە تا دەگا بەدوا نۆڤلێت، لەهەر هەموویاندا ئافرەت بوونەوەرێکی قوربانیو ژێر دەستەو زەبوونە لەژێر جەبری زەمانەو ستەمی کۆمەڵگاو رۆحی نێر سالاریدا هەموو بوونو گەوهەری ئینسانی ئەو توخمو رەگەزە سڕاوەتەوە. کەچی لەچیرۆکی (میم)دا خانمێکی ئازادو سەرسەختو هەوەسباز کارەکتەرە.. ئایا ئەمەیان وەدەرخستنی دیوێکی دیکەیە لەئافرەتی کوردو گوزارشت لەرۆحی دژە باوو ناکۆک بەدابو نەریتی ناموسپەرستی دەنێو ئێمەدا؟**

شێزراد حەسەن: بەگەڕانەوە بۆ کۆی بەرهەمەکانم، هەمیشە ئەو کچو ژنانە دەدۆزیتەوە کەماندوونو تەنیا کەوتوون، هەمیشە غەمگینو چاو بەفرمێسک، هەمیشە کڕو کپو زۆرجاریش کەڕولاڵ، یەکەمین شت کە لەکەلتووری ئێمەدا کاری لەسەر دەکرێت، هەر لەناو ماڵەکانەوە دەست پێدەکات تا دەگا بەو دەزگا مودێرنانەی کە بەخانەکانی پەروەردەو فێرکردن ناسراون، کوشتنو سڕینەوەی زاتی مێینەکانە، دیارە لەوەدا میراتێکی گەورەو گرانی باوو باپیران گەمەی سڕینەوەی زاتو پەکخستنی عەقڵی بەدوای خۆیەوە هێناوە، هەر لەمنداڵییەوە چاوو زمانو گوێو لەتەک هەموو تواناو هێزە ئاشکراو شاراوەکانی داهێنانو شکۆمەندیو متمانەو بڕوا بەخۆبوونمان لێدەسەندرێتەوە. کۆی هێزی رەوشتپارێزی خەڵکانی ئێمە دەنێو خێزانەکاندا لەسەر چەوساندنەوەی سڕینەوەی یەکدی بەندەو ئەو (پرۆسەی خەساندن -ی رۆح)ە بەشێکە لەمیراتێکی وا تۆکمەو دامەزراو کە تا هەنووکە لەژیانی رامیاریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی ئێمەدا بەهەڕمێنەو برەوی هەیە، بێگومان پەیوەندیەکانی ناو ژینو ژیاری خەڵکی لەقۆناغی شوانکارەییو کۆچەریو دەرەبەگی کە هەموو پایە مادیو رۆحییەکانی لەسەر هێزو توانای پیاوو بەپیرۆزکردنی نێرینەوە بەندن، وایکردووە کەتوخمی مێینە گەرچی لەو قۆناغەشدا ئەرکو ماندووبونی لەسەر ئاستی خێزانو بنەماڵەو خێڵدا لەهی پیاو قورسترە، ژنان لەنێو هەموو چالاکییەکانی قۆناغی کشاوەرزیو شوانکارەییو کۆچەریدا ئەکتەری چالاک بوون، کەم کاری هەرەوەزی هەیە ژن تیایدا بەشدار نەبێت، چی وایکردووە ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوەکانی هەمان خێڵدا ملکەچو چاو لەدەستو دەمی پیاوان بن، چارەنووسی ژیانو مەرگو دڵداریو زەماوەندەکەشی لێسەندرابێتەوە، گەر وا نییە چۆن چۆنی لەسەرەتای سەدەی بیستویەک لەناوچەیەکی بەرتەسکی دەوروبەری سلێمانی پتر لە (٣٠٠٠) کچ لەسەر بێشکە مارەکراون، ئەوە بەمانای کەلتوورێکی سنووردار نییە بەدەڤەرێک، بەڵکو سەراپاگیرەو هێشتا ئەو میراتە نایەکسانییە لەکوێرە گوندەکانەوە تا دەگات بەپەیوەندی نارێکی ژنو پیاوانی ناو کۆشکو تەلاری شارە گەورەکانی کوردستان بەشێکی پێکهێنەری ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەیە کە جۆرە مێنتالتی - زهنییەتی- پیاو سالاری جێ نەخشو چنینی خۆی لەسەر بەجێهێشتووە. هەقایەتی خۆمانو هەندێک لەرۆژهەڵاتناسو گەڕیدەو گەشتیاری رۆژئاوا کەهاتوونەتە کوردستان باس لەجوانیو دلێریو ئازایەتی ژنانی کورد دەکەن، بەڵام هەمیشە گەڕیدەو گەشتیارێکی بیانی نەیتوانیوە ژیانی پەنهانو ئەو سەمتە لەپەیوەندی نارێک ئاڵۆزە بدۆزیتەوە کە لەمیانەی گەشتێکو دوودا دەستی دەکەوێت.

گەرئەوگەشبینیەش بەڕاست وەربگرین، برێکی راستی تێدایە، بەڵام رۆحی دلێرانەو جەنگاوەرانەو شکۆمەندانەی چەند خانمێک دەنێو کوردان - دا هاوتا نییە بەو ملیۆنەها ژنەی دەنێو مێژووی ئێمەدا وەک کەسانێکی ستەمدیدەو بندەستو هەندێک جاریش لەوەش نزمتر کە گەیشتوتە ئاستی کۆیلەو بەندەوار. فاتمە رەش - یەکێ دلێرو جەنگاوەر لەباکوری کوردستانداو عادیلەخانو حەفسەخانی نەقیب لەسلێمانیو خانزاد - ی سۆران نوێنەری هەر هەموو ژنە چەوساوەکانی کورد نین لەو رۆژگارەی خۆشیاندا. بۆ من مێژووی ژنان لەمڕۆکەشدا مێژووی ژێر دەستەییو زەبوونیو کوشتنی هەموو تواناو بەهرە ئینسانییەکانیەتی، خێزانی کوردی بەتەنیا کاری بەسەر سڕینەوەی زاتو شکۆی کچەکانیدا نەکردووە، نێرینەکانیشی بە بەراورد لەگەڵ حاڵی زۆربێزەوەروژیانی بێ تامو بۆو سیحری خوشکانیاندا چاکتر دەردەکەوێت، بۆیەوەش تەنها یەک هۆکاری سەرەکی هەیە کە لەپشت عەقڵی شوانکارەییو دەرەبەگییەوە وەستاوە، یان پەیوەست بەقۆناغی کشتوکاڵییەوە کە پەیوەندی مرۆڤ بەزەویو سروشتی سەختی کوردستانەوە رەنگرێژی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە، لەوەدا باوکەکان بۆ مانەوەو ژیان گوزەراندن شکۆمەندییەکی زۆرتریان بەنێرینە بەخشیوە، چونکە کوڕەکان دەبوون بەگاوانو شوانو سەپانو جووتیارو راوچی.. لەو ئەرکانەش قورستر کە لەئەستۆی نێرینەکاندا بووە، خۆ ئامادەکردن بووە بۆ جەنگو پەلاماری خێڵو تیرەو بنەماڵەکان لەبەرامبەر یەکدیداو لەولاوەش مێژووی درێژی ئێمە لەتەک دراوسێکانمان: عەرەبو تورکو فارس کە مێژووی خوێنو مانو نەمان هەقایەتەکانی دەگێڕێتەوە، کە دیارە دەنێو ئەو ژیانە سەختگیرەو دژوارەی ناو سروشتو جەنگو ترسە ئەزەلییەدا پیاوان سوپاسالارو چاپووکتر بوون لەخانمان، هەربۆیە مێژووی ئێمەش وەک میللەتانی دیکەو لەقۆناغی جیاوازدا کە بەهەمان دۆخ تێپەڕبونو ئێمەش ناچارین تێیپەڕێنین، لەدایکبوونی کوڕێک ئاهەنگی سازاندووەو هی کچیش درندۆکیو نائومێدی. من منداڵ بووم و گوێم لێدەبوو کەپیاوەکان لەیەکدیان دەپرسی: چەند زارۆک/ منداڵ/بێچووت هەیە؟ زۆربەی پیاوەکان دەیانوت. "دوویان سێ یان چوار دێڵو یەک/یان دوو.. سێ چوار خزمەتکار/ غولامی تۆم هەن..!".

کە فەراقەتر بووم زانیم کە پیاوەکان پێیان شەرم بوو بڵێن ئەوەندە کچەمان بەژمارە هەیە، چونکە وشەی (دێڵ) بۆ مێینەی سەگە، خودی ئەم نزمکردنەوەی مێ بۆ ئاستی دێڵە سەگ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە حیسابکردنی مرۆڤە بەشتو مەک، ئەویدیکەیە، دەکرێت هاوشانی ئاژەڵێک بکرێتەوە، بۆ کوڕەکانیش وشەی (خزمەتکار یان غولام) مانایەکی کەمێک مرۆڤانەترە لەبەرامبەر دێڵە سەگدا. دواجار لەلای باشترین باوک کچەکان دەکران بەوەی پێیان بوترێت "دوو کارەکەری تۆم هەیە" لەڕووی نەریتییەوە وەک نۆرمێکی کۆمەڵایەتی نابەجێ بوو کوڕو کچەکانت، کە دەیانکەی بەخزمەتکارو کارەکەرو غولام، هی تۆ بن، دەبوو ئەدەبێکی گەورەتر لەوەدا بێت کە هەتا کوڕە خزمەتکارو کچە کارەکەرەکان هی ئەو باوکە نەبوون، بەڵکو هی ئەو پیاوانە بوون کە پرسیاریان دەکرد. وشەی (نۆکەرتم یان ئەزبەنی) کە لە شوێنی جیای کوردستانی گەورەدا تا هەنووکە گوێبیستی دەبیت ئاماژەو هێمایە بۆ رۆحی کلۆڵی بەندەواری و ملکەچکردن بۆ ئەویدیکە کە خاوەن هێزو دەسەڵاتێکی مادی یان رەمزییە.

لەشارە پڕ خرۆشەکانی ئەمڕۆکەدا ژنان هێشتا مامەڵەی کوتاڵو کڕینو فرۆشتنی لەسەر دەکرێت، تا هەنووکەو لێرەدا، کە تۆ ئەم چەند دێڕە دەخوێنیتەوە (نرخی کچێک کە زەماوەند دەکات لەوەدایە بایی چەند ئاڵتوونی بۆ کراوە).

بەکورتیو بەکوردی ئێمە گەرچی لەشارە گەورەکان دەژین، وەلێ لەڕووی دابو نەریتو نۆرمی کۆمەڵایەتیو پێکهاتەی مۆڕالی - ئەخلاقی هێشتا لەژێر تەپو تۆزی قەڵای بەناو دارماوی قۆناغی دەرەبەگیو

**ئێمە گەرچی لەشارە گەورەکان دەژین، وەلێ لەڕووی دابو نەریتو نۆرمی کۆمەڵایەتیو پێکهاتەی مۆڕالی - ئەخلاقی هێشتا لەژێر تەپو تۆزی قەڵای بەناو دارماوی قۆناغی دەرەبەگیو شوانکارەیی دا دەژین**

شوانکارەیی کە مێنتالتی خێڵەکی پارێزگاری لەو نایەکسانیو ستەمە دەکات دەرهەق بەمێینە رزگارمان نەبووە، خودی سیاسەتی کوردی لەمڕۆکەدا درێژکراوەی هەموو گەمە شێواوەکانی نێر سالاریو خێڵەکییە دەنێو تازەترین ژورەکانی مەکتەبی سیاسیو دەزگا کارگێڕییەکانی حیزبە کوردییەکاندا. دەنا بەچی لێکبدرێتەوە کە حیزبێکی وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستانو سەر بەسۆشیال دیموکرات نەیتوانیوە بەدرێژایی پتر لە (٣٠) بزافێکی گەورەی یەکسانیخواز لەنێوان مێو نێرەکانی خۆیدا بکاتو لەسەر زاری سکرتێری گشتی حیزبدا بوترێت ئەوەیان نەنگییە، هەڵبەتە نەنگییە.. بەڵام گومانی گەورە لەوەدایە کەدەنێو حیزبە کوردییەکاندا، بەچەپڕەوو راستڕەوو میانڕەویانەوە، لەبەرامبەر پرسی ئافرەتدا یەک دۆخی مردوو بەڕێوەدەبەنو هیچ ئاسۆیەک لەکارنامەی هیچ کامیاندا نادۆزیتەوە. حەڤدە ساڵ زۆر بوو بۆ ئەو دوو

**فاتمە رەش - یەکێ دلێرو جەنگاوەر لەباکوری کوردستانداو عادیلەخانو حەفسەخانی نەقیب لەسلێمانیو خانزاد - ی سۆران نوێنەری هەر هەموو ژنە چەوساوەکانی کورد نین لەو رۆژگارەی خۆشیاندا. بۆ من مێژووی ژنان لەمڕۆکەشدا مێژووی ژێر دەستەییو زەبوونیو کوشتنی هەموو تواناو بەهرە ئینسانییەکانیەتی**

حیزبە کە دەنێو دەزگاکانی پەروەردەدا ئەو دوو بوونەوەرە خەسێنراوو کوژراوە، کچانو کوڕان، ئاشت بکەنەوە، قوتابخانەکان تاکە مۆڵگەیەک بوون کە دەکرا جیاوازیو رەگەزپەرستیو درندۆکیو گومانو ترسو شەرمی کچو کوڕەکانمان بکوژینو وەک دوو مرۆڤی شارستانو شکۆمەند لەیەکدی بڕوانن کەچی حیزبەکان کە گەمەو کایە لەناو ژیانی رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی ئێمەدا دەکەن، زۆر لەدواوەتر وەستاونو بەشەرمو ترسەوە لەهەر هەموو داواو خەونو خۆزگەکان دەڕوانن، رەشەکوژی ئافرەت لەدوای راپەڕینو نائومێدبوونی هەزارەها گەنجو کۆچو رەوی نەوەی نوێو خۆکوشتنو تۆرانی یەکجارەکی ئەم نەوەیە تازەیە کەرۆڵی دەرۆزەکەری پێدراوە نەک دامەزرێنەرو بونیاتنەر گەر سەد هۆکاری هەبێت، لەوەدا کۆدەبێتەوە کە هیچ پرۆژەیەک لەئارادا نییە بۆ وەڵامدانەوە بۆ خۆزگەو خولیای کچانو کوڕانی وڵات.

پاش ئەم پێشەکییە بۆ پرسیاری ئێوە، کە پتر خەمێک دەمانباتو دەمکوژێت، خەمەکەش ئەوەیە کە من بۆ خۆم بەدرێژایی نیو سەدە تەمەنو فامکردنەوە بەدەگمەن، تاکو تەرا، کچو ژنانی بەختەوەرم بینیوە، ژمارە هەرە زۆرەکەی: لەدایکو خوشکی خۆمەوە تا خانمانی دەرو دراوسێو خزمو کەسو هاوپیشەکانی خۆم، کۆمەڵە کەسانێکی بەدبەختو لاکەوتەو دۆڕاوو ستەمدیدە بوون. هەمیشە گومانم هەیە لەوەی خانمانی ماڵە دەوڵەندەکانیش جوانتر بژین، کەلتوورێکە کەهەر هەموان دەنێو ئاشی خۆیدا دەهاڕێت، گەنجو پیر، دەوڵەمەندو هەژار، هەر هەموویان بەرۆحێکی سستو کوژراوو قەدەر گەڕاوە دەژین.. ژیانو زیندەگی مانایەکی گەورەتری هەیە، دەکرێت بڵێین ماون. لەزۆر شوێنی کوردستان گەر بپرسیت:



شێرزاد حەسەن لەکاتی وتوێژی "رەخنەی چاودێر"دا

فۆتۆ: مەریوان جەمال

چۆنیت؟ وەڵامێکی کورتو تووڕەت دەست دەکەوێت "ماوین". دروشمی نیو سەدەی تێکۆشانی کوردان "یان کوردستان یان نەمان" بوو، مانو نەمان دۆخێکی حەیوانییە، ژیانو زیندەگی بەمانا درەوشاوەکەی روویەکی شارستانیو شکۆمەندییە بەتەنها مرۆڤ لێی بەهرەمەندە، گەرچی منو قەلەڕەشێک وەک دوو گیانلەبەر هیچمان لەویدیکە جوانترو مەزنتر نین، هەردووکمان مەرجە پێکەوە لەسەر زەمینو ئاسماندا بژین.

ترسی گەورە لەوەدایە کە رۆحی زەلیلیو ترساندنو چکۆلەکردنەوەی مرۆڤ، کوشتنی رۆحو جەستە پێکەوە، لەگۆڕنانی خەونو خولیا، وەستانەوە بەرامبەر بە (ژیان دۆستیو خۆشبەختی) کەسەکانو پیرۆزکردنی مەرگو خۆکردنە قوربانی، جارێک بەناوی ئایدیۆلۆژیایەکی سەرزەمینی یان ئاسمانی، جیهانێکی رەشو پرسە ئامێزی بۆ ملیۆنەها مرۆڤ دروستکردووە، فەلسەفە گەر واتاکەی خۆشویستنی حیکمەتو مەعریفەت بێت، لای ئێمە ئەو مەعریفەتە دەنێو ماڵو مزگەوتو قوتابخانەکانو خانەکانی حیزبو هەر هەموو خانۆچکە خامۆشەکانی وڵاتدا بۆتە مەعریفەتێکو جۆرە لەزانین بەدونیا کەهەر هەموی لەبری ئەوەی ئازاو جوانو دڵشادو سەرمەستمان بکات، بەسەد زمانو شێوەو لەسەدەها کەناڵەوە ترسنۆکو شەرمنو داخدارو گرگنو کینەخوازمان دەکەن، نیو سەدەیەو قوتابیانی غەمگینو بێزار دەبینم، نیو سەدەیە کچانو کوڕانی تەنیا دەبینم، ژنانو مێردانی درندۆکو دوژمن بەیەکدی، نیو سەدەی کوژانەوەی ژیان دەبینم، لەکاتێکدا نیو سەدەیە شۆڕشگێڕانی ئێمە مژدەی هاتنی بەرەبەیان بەئێمە دەدەنو لەمنداڵییەوە گوێم لێبووە کەدەیانوت "کەم بژیو.. کەڵ بژی" خودی (کەڵ) پێشگرێکە کە شکۆمەندی نێرینە دەخوازێت کە لەکەڵەشێرەوە تا کەڵەگاو کەڵەپیاو دەگرێتەوە.

لێرەدا وا باشە بگەڕێمەوە ناو چیرۆکی (میم) کە بەهەموو پێوەرەکانی ئەم ساختمانە ئەخلاقییەی پێناسەی پیاوی پێ دەکرێت کە لەو پێشەکییەدا گەرەکم بوو مەبەستی خۆمی تێدا روون بکەمەوە، (ئەمین)ی چیرۆکنووس پیاو نییە، هەتا لەچاوی نووسەرەکانی دۆستی خۆیشیدا، تەنها لەبەریەک هۆی سادە کە ئەویش بڕوانەبوونی ئەوە بەوەی کە (سێ کچەکەی) هەق بوو لەقوتابخانەشدا بەناوی ژنەکەیەوە بانگ بکرێن نەک باوکی، ئەمین بڕوای بە (میم)ی موڵکایەتی نییە، هەربۆیە چی هەیە لەسەر ژنەکەی تاپۆی دەکات، ئەم پاڵەوانە بڕوای بەوە نییە کە ژنەکەی بەدرۆ لەگەڵیا بیگوزەرێنێت کە تەنها کاغەزێکی زەردی مارەکردن یان شەرمێکی کۆمەڵایەتی بەیەکەوەیان بەندبکات. گرفتی (ئەمین) وەک نموونەیەکی زۆر دەگمەنو هەڵاوێردی ناو دەستەی رۆشنبیران لەسەر ئاستی واقیعیو کۆمەڵایەتیو ئابووری دەیەوێت گەمەی یەکسانیو ئازادی، کە لەدەرەوە ناکرێتو مەحاڵە، هەر هیچ نەبێت لەناو خانەوادەکەی خۆیدا ئەو ئازادیو یەکسانییە بکات بەمۆڕاڵێکی جێگیر، ئەم هوشیارە بەوەی کە چ لەناو زمانو ئاماژەکاندا، چ دەنێو پەیوەندی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا سەردەستەیی نێرو زاڵبوونی بەسەر ژیانی مادیو رۆحی مێینەکاندا نۆرمێکی کۆمەڵایەتی پیرۆزی پێکهێناوە، چ دەنێو دادگاکانداو چ دەنیو هەموو ئەو یاساو رێسایانەی کەلتوورو ئایین پێکەوە ئەو زاڵبوون کەڵەگاییکردنەی نێر بەسەر مێدا سەپێندراون لەڕێگەی خۆیو بڕواکانی گەرەکیەتی هەڵبوەشێنێتەوە، کەچی لەپای ئەوەدا دەبێت بەجێ مەزاقیو گاڵتەجاڕی دەمو زاری قەڵەمی نووسەرەکانی شارو هەر هەموو خەڵکی.

"گوڵناز"ی ژنی هەوەسباز نییە، من گەرەکمە گومان لەڕوانینێکی زۆر چەوتی پیاوەکان بکەم، یان لەبری قسەکردن لەسەر چەمکی (شەرەف) لەشارێکدا نموونەی ژنو مێردێکی ئازادم هێناوە کە دەیانەوێت بە ئازادی بژینو بمرن، وەلێ مەحاڵە، لەهەموو چیرۆکەکەدا ئاماژەیەک نییە بەوەی ئەو خانمە، هەتا دوای ئیفلیجبوونیو شکەستیو نوشوستی توانای سێکسی مێردەکەی خیانەتکارە بەمانا باوەکەی. گەرچی نموونەی سەدەها سۆزانیو هەوەسبازو لەچیرۆکو رۆمانی دونیادا مانای هەڵگری ناسنامەی ئەخلاقی ملیۆنەها ژنی دیکە نین. راستە پاڵەوان یان کارەکتەر هەڵگری خەسڵەتی فیکریو رۆحیو مۆراڵیو مەیلی چاکو خراپە، ئێمە بۆ گێڕانەوەی رووداوەکانو گەیاندنی پەیامو بیرۆکەی سەرەکی (THEME - تێمە) جگە لەکارەکتەرەکان کەسێکی دیکە شک نابەین تا ئەو بارە فیکریو ئەخلاقییەی پێ بار بکەین، بەڵام هەرگیز لەئەدەبدا رەوا نییە نموونەیەک، جوان یان ناشیرین، هاوتای بکەیتەوە بە بوونی خەسڵەتێکو رەوشتێکی جێگیر لەمرۆڤدا. هەر ئەم روانینە شێواوە لەوەوە هاتووە کە شەپۆلی رەخنەی ریالیزمی سۆشیالیزم لەئەدەبدا لەگەڵ خۆی هێنای، کەمرۆڤەکانی دابەش دەکرد بەسەر دوو جۆر توخمی دژ بەیەک، لەهەر هەموو دۆخەکانیشدا سەروەری تەنها بۆ ئەو پاڵەوانانە بوو کە کرێکارو جووتیارن دژی سەرمایەدارانو دەرەبەگەکان دەجەنگن، دەبوو پاڵەوان هەڵگری رۆحی شۆڕشگێڕی بێت بەمانا ئایدیۆلۆژییەکەی، ئایندە خواز بێتو بەکورتی سوپەرمان بێت. لەئەدەبدا وەک چۆن لەژیاندا، مرۆڤەکان خاوەن خەسڵەتو دیدگای جیاوازن، هەر بەهەمان ئەندازەش مەرجە رەنگو بۆنی خودی ژیانیان لێبێت. هەر ئەم روانینە شێواوەی ناو شۆڕشی ئۆکتۆبەر وای کرد کە لەژێر ساباتی ئەو شۆڕشەدا ئەوانەی وازیان لەدروشمەکان دەهێناو دەستیان لەگەرمی ژیان دەکوتاو باسی خەونو ترسو خەمو خولیاو نیگەرانی مرۆڤ دەکرد لەیەکێتی شۆرەوی بەدەیەها لەو نووسەرانە بەبڕیارەکانی پۆلیسێکی ئەدەب کە (ژدانۆف)ە شار بەدەرکرانو کوژران، سەیرەکە لێرەدایە ئەو رۆژگارەی کە (مەکسیم گۆرکی) سەرداری یەکێتی نووسەران بووە، لەژێر ئاڵای ئەو نووسەرەدا (٣٩) نووسەر کوژراونو خاوەنی رۆمانی دایک خامۆش بووە، جوانترین شاعیرو نووسەری سۆڤییەتی (بۆریس باسترناک) لەگوندێکدا دەست بەسەر دەبێتو وەک گومانلێکراوێک سەیری دەکرێت.

چیرۆکی (میم) نامۆبوونی ژنو مێردێکە کە تەنها یەک رێکەوتنی نەنووسراویان هەیە ئەویش هەڵوەشاندنەوەی هەر هەموو یاسا پیرۆزەکانی کۆمەڵگایە کە بەتەنها گەمەیەکی سادەو ئازاد دەست پێدەکات، تاپۆکردنی موڵکو سامانەو گواستنەوەیەتی لەپیاوێکەوە بۆ ژنەکەی، هەر لەبەرئەوەشە کە مێردە بەگەوادو ژنەش بەسۆزانی تەماشا دەکرێت. جەرگبڕترین بڕگە لەو چیرۆکەدا ئەوەیە کە نووسەرەکە لەپای راستگۆیی خۆی کە دەمرێت تەنیا دەمێنێتەوەو لەمەرگیشدا کەس نییە بینێژێتو ناچار عەرەبانەی فەلەجی جێدەهێڵێتو رووەو گۆڕستانو ناو منداڵدانی دایکی دەکاتەوە بەگۆڕو باقی فانتازیاکە هەڵگری چەند رەهەندێکی رەمزیو تەعبیرییە کە تەنها لەچیرۆکەکەدا ساغ دەبێتەوە■